## تاکەی کۆتەی گەندەڵی نایەت؟!!! ...تاڤگە سابیر

لەوەتەی دیاردەی دەسەڵاتی گشتی پەیدا بووە، ئەم دەسەڵاتەی کەوا دەمودەزگاکانی دەوڵەت. بەپێی یاسا پێیان بەخشراوە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دیاردەی گەندەڵیش پەیدا بووە، چونکە گەندەڵی ئیداری خۆی پێناسە دەکرێت بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا. کوردستانیش لەوەتەی خۆی لەماڵی خۆی حوکمی خۆی دەکات بوەتە ئەندامێکی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، بۆتە ئاساییشە کەوا دیاردەی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی سەری هەڵداوە هەرچەندە ئەو دیاردەیەی کوردستان لەبەر چەند هۆیەک قەوارەیەکی فراوان و ترسناکی وەگرتووە پێش هەمووشیانەوە لەبەر ئەوەی کەوا ئیدارەی کوردی لەکتوپڕ هاتە کایەوە، بۆیە زۆر بێ ئەزمون و ساوا بوو، جگە لە نەفسیەتی هەندێ لە لێپرسراوەکانیش، بۆیە هەر لەسەرەتادا جۆرەها نەخۆشی لەوانە گەندەڵی هێرشیان هێنایە سەر جەستەی ساوای ئیدارەی کوردی، لەبەر ئەوەی نەتوانرا زوو چارەسەر بکرێن لەبەر چەند هۆیەک لەمانە ناکۆکی ناوەخۆو لاوازی سەنتەرەکان بڕیاردان لەناو پارتەکان ئەم نەخۆشیانە بوونە درێژ خایەن و هەموو جەستەی ئیدارەی کوردییان. ئێستاش پێ دەچێت هەنگاوە سەرەتاییەکان لە کوردستان لەئارادابن بۆ بەربەرەکانیکردنی دیاردەی گەندەڵی پاش ئەوەی ئەوەندە ئاوساوە کەوا هەڕشە لەدوارۆژ ڕۆڵەکان دەکان بەتایبەتی هەردوو پارتە خاوەن دەسەڵاتەکە. دانپیانان بە بوونی دیاردەی گەندەڵی لێدوان لەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا نیوەی چارەسەری ئەم نەخۆشییە بە مەرجێک ئەم هەوڵانە درێژخایەن بن و پابەند نەبن بەکاتی هەڵبژاردن. لە پێش هەموو لایەنێک لەبەرژەوەندی سیاسی خۆیەتی ئەگەر بەڕاستی بەربەرەکانی گەندەڵی بکات، جگە لەبەرژەوەندی سیاسی پارتە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردستان دیاردەی گەندەڵی هەر دەبێ بەرەبەرەکانی بکرێ چونکە هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەتی کوردو بوژانەوەی ئابووری و سەروەری یاسا. دیاردەی گەندەڵی پێشێلکردنی هەموو یاسایەکی دانراو ئاینی و ئەخلاق وسروشتییەوە هێرشێکە بۆ سەر پرنسیپی یەکسانی مرۆڤ لەکەرامەتی و مافدا بۆیە هەر کۆمەڵگایەک کە بیەوێت ڕێز کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان وەڕێز لە خۆی بگرێت دەبێ بەئاشکراو بە شێوەیەکی کاریگەر بەربەرەکانی گەندەڵی بکات. یاسای تایبەت بەگەندەڵی بەتاوان دادەنرێت و بەربەرەکانی دەکرێت چونکە بریتیەلە پێشێلکردنی یاسا، بۆیە دەبێت بێشتر یاسایەک هەبێت کەوا ئەم گەندەڵییە پێشێلی بکات. ئێستاش لە کوردستان بانگەواز دەکرێت بۆ بەرەرەکانی کردنی گەندەڵی بۆیە دەبێ پێش هەموو شتێک بیر لە یاسایەکی پابەند بکرێتەوە چونکە روون نییە ئێستا چی یاسایەک بەکاردێت لەم هەوڵانە. ئاشکرایی لە کارەکانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت دەبێ هەتا بتوانن بەشێوەیەکی شەفاف کار بکەن و چۆنیەتی کارکردن خۆیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن جگە لەبوارەکانی پەیوەندیدار بەئاسایشی نەتەوەیی نەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش دامودەزگاکانی دەڵەت دەبێ دەرگاکانیان والاکەن لەپێش خەڵک و هۆیەکانی، راگەیاندن ورێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و زانیاری پێویستیان پێ بدەن لەسەر داواکردن.

سوێد 2006